ئەگەر لە مانگێکدا سێ (ڕۆژ) بەڕۆژوو بوویت؛ ئەوا (ڕۆژانی) سیانزە وچواردە وپانزە بەڕۆژوو بە

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر لە مانگێکدا سێ (ڕۆژ) بەڕۆژوو بوویت؛ ئەوا (ڕۆژانی) سیانزە وچواردە وپانزە بەڕۆژوو بە (لە مانگی کۆچی)». ولە قەتادەی کوڕی میحلانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمان دەکرد بەوەی ڕۆژانی سپی (أيام البيض) بەڕۆژوو بین: سیازدە وچواردە وپانزە (لە مانگی کۆچی)». ولە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژووی نەدەشکاند لە ڕۆژە سپییەکاندا (أيام البيض) نە لە کاتی نیشتەجێبوون ونە لە کاتی سەفەردا (واتە ئەم سێ ڕۆژە بەردەوام بەڕۆژوو دەبوو)».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەگەر لە مانگێکدا سێ -ڕۆژ- بەڕۆژوو بوویت): واتا ئەی ئەبو زەر ئەگەر ویستت بەڕۆژوو بیت لە هەرمانگێک جگە لە مانگی ڕەمەزان کە دەبێت مسوڵمان هەمووی بەڕۆژوو بێت؛ ئەوا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە وئەم ڕۆژووە سونەتە. (ئەوا -ڕۆژانی- سیانزە وچواردە وپانزە بەڕۆژوو بە -لە مانگی کۆچی-): ئەم ڕۆژانە لە مانگی کۆچیدا پێیان دەووترێت ڕۆژە سپییەکان -الأيام البيض- چونکە مانگ تێیدا بە ڕووناکی وسپی دەردەکەوێت وڕۆژووگرتنی ئەم سێ ڕۆژە لە هەموو مانگێکدا سونەتە وکرەدەوەیەکی چاکە. ولە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژووی نەدەشکاند لە ڕۆژە سپییەکاندا -أيام البيض-): ئەمیش ڕۆژانی سیازدە وچواردە وپانزەی مانگی کۆچی دەگرێتەوە؛ چونکە مانگ ڕووناک دەبێتەوە وسپێتیەکەی بە جوانی وڕووناکی دەردەکەوێت لە سەرەتا وکۆتاکانی ئەم ڕۆژانەدا، بۆیە سونەتە مسوڵمان بەڕۆژوو بێت وەکو حەمد وسوپاسێک بۆ خوای گەورە. کاتێک دەفەرموێت: (نە لە کاتی نیشتەجێبوون ونە لە کاتی سەفەردا -واتە ئەم سێ ڕۆژە بەڕۆژوو دەبوو بە بەردەوام-): واتە بەردەوام ئەم سێ ڕۆژە بەڕۆژوو دەبوو لە هەموو مانگێکدا بۆیە سونەتێکی جێگیرە -سنة مؤكدة-، وهەروەها چونکە لە ناوەڕاستی مانگدایە وزۆرجار ناوەڕاستی هەموو شتێک دادپەروەرترینە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10108